**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٦٦٥٩ لە ٢٠٢٠/١٢/٢٢**

ئامــاژە بە نووســراوی وەزارەتــی پێشــمەرگە ژمــارە (٨٠٦٠) لە ٢٠٢٠/٩/٢٢ و کۆنووســی لیــژنەی پێداچوونەوە بە ڕێنمـاییە داراییەکـان و دەرکردنـی ڕێنمـایی نـوێ ژمـارە (١٠) لە ٢٠٢٠/١١/١٨ بڕیـاردرا بەدەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:-

**ڕێنمایی ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**یەکخستنەوەی دۆسیەی کەسی گشت ئەفسەر و پلەدار و پێشمەرگە**

١- هەر ئەفسـەر و پـلەدار و پێشـمەرگەیەک پـێش سـاڵانی (١٩٩١) خزمەتـی پێشـمەرگایەتی هەبێـت پێویسـتە لە لایەن دەزگـای ئەیلـول یـان دەزگـای پێشـمەرگە دیرینەکـان بە نووسـراوی فەرمـی پشتگیری بکرێت.

٢- هەر ئەفسـەر و پـلەدار و پێشـمەرگەیەک خزمەتـی لە سـاڵی (١٩٩١) تـاکو سـاڵی (٢٠٠٠) هەبێـت و فەرمانی دامەزرانـدنی نەبێـت ئەوا پێویسـتە ناسـنامەی پێشـمەرگایەتی یـان بەڵگەنـامەی فەرمـی یەکەی پێشوو یان هەر بەڵگەیەکی تر وەکو بەڵگەی برینداری یان نووسراوی چارەسـەری پزیشـکی یان نووسراوی هاوکاری ئەو ساڵانەی هەبێت.

٣-هەر ئەفسـەر و پـلەدار و پێشـمەرگەیەک لە دوای سـاڵی (٢٠٠٠) دامەزرابێـت پێویسـتە فەرمـانی دامەزراندنی هەبێت .

٤- هەر ئەفسەر و پلەدار و پێشمەرگەیەک خزمەتی لە ساڵی (١٩٩١) تاکو سـاڵی (٢٠٠٠) هەبێـت و هـیچ بەڵگەیەکی نەبێت وەک لە خاڵی (٢) ئاماژەی پێ کراوە ، ئەوا پێویستە دوو شـاهید ئامـادە بکـات و لیـژنەکە دەسـەڵاتی هەبێـت داوای هەر بەڵـگەیەک بکـات بە سـوێند خواردنیشـەوە بـۆ گەیشـتن بە ڕاستیەکان دوای قەناعەتی لیژنەکە بە بەڵگەکان.

٥- دوای پەسەندکردنی ڕاژەی خزمەت لە لایەن لیژنە و واژووکردنی لەلایەن وەزیر بەفەرمانی وەزاری خزمەتەکەی جێگیر بکرێت بەپێی ماددەی (٧) لە پەیڕەوی ژمارە (٦).

٦-ئەم ڕێنمـاییە لە ڕۆژی دەرچـونیەوە جێبەجـێ دەکرێـت و لە ڕۆژنـامەی (وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**